# کۆیلەیی هەمیشەیی نەک دەستووری هەمیشەیی

ئەمجەد شاکەلی

ئەم دەستوورە هەمیشەییەی عیراق، کە سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد و دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بە دەسکەوتێکی زۆر مەزنی دەزانن و بە هەر دە قامک مۆریان کردووە و لەگەڵ خۆیشیاندا بەشێکی زۆری خەڵکی کوردیان بە باشی و خێر و بەرەکەتی قایل کردووە و شەو و ڕۆژ لە میدیاکانی خۆیانەوە ڕێکلامی بۆ دەکەن و گەرەکیانە تەواوی کورد بە "بەڵێ"دەنگی بۆ بدات، دەستوورێکە بۆ هەشتا و ئەوەندەساڵی دیکە گەلی باشووری کوردستان و خاکی باشووری کوردستان بە عیراقەوە گرێ دەدات و دەبەستێتەوە و پێوەی دەنووسێنێتەوە. ئەوەی خەڵکی کورد چاوەنۆڕی بوو و بەتەمای بوو، تەڵاقدانی عیراق بوو و جوێبوونەوەی باشووری کوردستان بوو لێی یا کە ئەوەش نەبوو دانانی کاتێکی دیاریکراو بوو بۆ ڕاپرسی و دەنگدان لەوەی ئایا کوردستان لە عیراق جودا بێتەوە یا لە نێو دەوڵەتی عیراقدا بمێنێتەوە، کە دەکاتە بڕیاردان لە سەر مافی چارەنووس. گەلی کوردستان بەتەما بوو تەواوی سامانی نەوت و کانزا و ئەوانی دیکەی نێو کوردستان بۆ گەلی کوردستان خۆی بێت و ئەگەر هەر بەشی عیراقیشی لێ بدرێت، ئەوا پشکێکی کەم بێت. گەلی کوردستان دەیویست پێشمەرگە وەک پێشمەرگە بمێنێتەوە. گەلی کوردستان گەرەکی بوو زمانی کوردی تاکە زمانی فەرمی بێت لە باشووری کوردستاندا و لە عیراقیشدا لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هاوشان بێت. خەڵکی کوردستان چاوەڕوان بوون تەواوی کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسسان و کووت و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان، بێ دواخستن بێنەوە ئامێزی کوردستان.

ئەوەی لەم دەستوورەدا کراوە: سامانی نیشتمانیی کوردستان بوو بە بەشێک لە سامانی نیشتمانیی عیراق و بوو بە موڵکی دەوڵەتی عیراق و تەواوی ئەو سامانە بۆ تەواوی خەڵکی عیراقە بە کوردستانیشەوە و هیچ تایبەتمەندییەک بە کوردستان نەدراوە و کوردستان لەگەڵ بەسرە و دیوانییە و ڕەمادیدا جیاوازیی نییە و پارەی نەوتی کەرکووک بۆ تەواوی عیراق دەڕوات و سەرف دەکرێت[1]. بڕیاردان لە سەر مافی چارەنووسی باشووری کوردستان، نە کات دیاریکرا بۆ دەنگدان لە سەری و نە بە هیچ جۆرێکیش نێوی هاتووەتە گۆڕێ، واتە: لەبیر براوە و لەبار براوە و ڕێگەی باس لێکردنیشی داخراوە. لە کوردستان زمانی عەرەبییش لەگەڵ زمانی کوردیدا فەرمی دەبێت، واتە: تەنێ زمانی کوردی فەرمی نابێت و ئەگەر زمانی کوردییش لە عیراقدا لەتەک زمانی عەرەبیدا فەرمی بێت، ئەوا لە سەردەمی

---

[1] پێش ماوەیەک وەزارەتی نەوتی بەغدا، تانکەرێکی پڕ لە نەوتی بۆ شاری هەڵەبجە ناردبوو، کەناڵی کوردستات هەواڵی ناردنی ئەو تانکەرە نەوتەی چەندین جار لە هەواڵ و دەنگوباسەکانیدا پەخش کردەوە، بێ ئەوەی لە خۆیان بپرسن، کە پێش هەر شتێک بەغدا بۆ خۆی نەوتی نییە و لەوەتەی نەوت لە باشووری کوردستانیشدا، لە کەرکووک و خانەقین و مووسڵ، دۆزراوەتەوە و بەکاربراوە و دەرهێنراوە، بەغدا بۆ خۆی نەوتی کوردستان دەدزێت. ئەو تانکەرە نەوتەی بەغدا بۆ هەڵەبجەی دەنێرێت و بە سەر کورددا دەیکاتە منەت و میدیای کوردی گەورەی دەکاتەوە، هەر نەوتی کوردستان خۆیەتی. کوردستات دەبوو وەها هەواڵێکی هەر پشتگوێ خستبا و هەرگیز باسی نەکردبا.

ڕژێمی بەعسیشدا و لە قانوونەکانیاندا وەها قانوونێک هەبوو، لێ کێ جێبەجێی دەکرد و کێ گوێی پێ دەدا! پێشمەرگە، ئەو نێوە پیرۆزە بۆ ئەو مرۆڤە پیرۆزە، کە بە مەبەستی ڕزگارکردن و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەجەنگا و دەشۆڕشا، نێوی دەگۆڕدرێت و دەبێتە پاسەوانی نیشتمانی. پرسی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی دوای ڕووخانی بەعس ئازادکراو، دوا دەخرێت بۆ کۆتایی ساڵی 2007 و ئیدی ئەودەمی دەخرێتە بەرباس، ئەودەمیش وەک ئەم هەشتا و ئەوەندە ساڵەی ڕابردووە، دیسان دەستی دەستی بەو پرسە دەکرێت و دوا دەخرێت بۆ دەیان ساڵی دیکە و لەو ماوەیەشدا عیراقییان بە هەموو شێوەیەک نەخشەکانی خۆیان بۆ لەدەستنەدانی ئەو دەڤەرانە و پتر عەرەباندنی پەرە پێ دەدەن. سەرباری ئەو هەموو ناتەواوییەی دەستوور، خاڵێکی تێدایە ماف دەدات بە تەنێ یەک ئوستانیش، کە بتوانێت بۆ خۆی هەرێمی فیدراڵی خۆی هەبێت، بەوەش بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بگوترێ، بوونی سلێمانی و هەولێر وەک دوو ئوستان و نێوەندی دوو فیدراڵی دەشەرعییێندرێت و دەقانوونییێندرێت و پاساو بۆ مانەوەیان دەبینرێتەوە و هەر بەو جۆرەش دەکرێ کەرکووک، هەروەک لە قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عیراقیشدا هاتبوو، کە نابێ بخرێتە سەر هیچ فیدرالییەک، خۆی بە تەنێ بمێنێتەوە و خۆی بە تەنێ ببێتە خاوەنی فیدراڵی خۆی و بەو جۆرەیش هەر لە کوردستان دابڕاو بێت.

ئایا ئەوانە لەو دەستوورەدا دەسکەوتی مەزنن یا کێماسی و نەهامەتیی مەزنن بۆ کورد؟ ئەوەی لەو دەستوورەدا هاتووە و سەرکردەیەتیی سیاسی کورد شانازی پێوە دەکات، تەنێ کۆمەڵێک کێماسین و هیچ یەکێک لەو خاڵانەی و هیچ خاڵێکی دیکەی ئەو دەستوورەیش و هیچ شتێکی عیراق، دەردی کورد و گەلی کوردستان تیمار ناکات. لەگەڵ هەر یەک میللیمیتر نێزیکبوونەوە لە عیراق، کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بە خۆشییەوە هەنگاویان بۆ ناوە و هەنگاوی بۆ دەنێن، خەڵکی کورد و وڵاتی کوردستان یەک کیلۆمیتر لە ئازادی و سەربەخۆیی دور دەکەوێتەوە. هەر نێزیکبوونەوەیەک لە عیراق ئەگەر یەک ڕێژەیش بێت، دوورکەوتنەوەیە لە ئازادی کوردستان. دەستوورێک گەلی کوردستان و وڵاتی کوردستان بعیراقێنێت و لە تایبەتمەندییەکانی خۆی دابڕێت و بیکاتە پاشکۆیەکی عیراق و خاکی عەرەب و جیهانی عەرەب و نیشتمانی عەرەب و کۆمکاری عەرەب و کەرکووک و مووسڵ و دیالا و کووت بۆ کوردستان نەگێڕێتەوە و پێشمەرگە بکاتە پاسەوانانی سنوور و نەوتی تەواوی باشووری کوردستان بداتە عیراق و عیراقییان، دەبێ چ خێروبێرێکی بۆ کورد تێدا بێت و بۆ دەبێ خەڵکی کوردی بۆی بخرێنە سەما و داخوازیی ئەوەیان لێ بکرێت هەموو دەنگی بۆ بدەن! ئەوەی لەو دەستووره هەمیشەییەی عیراقدا هاتووە و سەرکردەیەتیی سیاسیی باشووری کوردستان بە دەسکەوتێکی مەزنی دادەنێت، ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و جیهانبینی و دیدی ئەو سەرکردەیەتییەیە، کە هەرگیز نەیتوانیوە لە چوارچێوەی هزری عیراقیەتیی و خۆبەعیراقیزانی دەرچێت و هەمیشە باشووری کوردستانی پێ بەشێک بووە لە عیراق. دەنگدان بە بەڵێ بەو دەستووره هەمیشەییە، دەنگدانە بە هەمیشەیی لکاندنی باشووری کوردستان بە عیراقەوە و سازکردنی زەماوەندێکی کاتۆلیکانەی بێبڕانەوە و هەردەمییە، کە باشووری کوردستان لە عیراق مارە دەکاتەوە و یەکپارچەیی خاک و گەل و وڵاتی عیراق، بەو سنووره نێودەوڵەتییەیەوە کە هەیەتی، وەک پیرۆزییەک تەماشا دەکات و بۆ هەمیشە دەیپارێزێت. بە بەڵێ دەنگدان بە وەها دەستوورێک، دەنگدانە بۆ کۆیلەیەتییەکی ئارەزوومەندانە و دەنگدانە دژی خواستی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

2005/10/14